لە کارەکتەری شێت و دەهری.
سەرۆکی دەوڵەتی «خەونی دێرین»
کە لە داخی گەندەڵی تۆراو
لەدەست توندڕەوی فڕی
ئەبو مازن،
گەشبینێک بەسەرکەوتن
بەسەرخستنی بەردی
سیزیف و
مانەوە لە لوتکەی نەمری.
لە داستانێک
پاڵەوانەکانی پێش ئەغیارەکان
لاپەڕەکانیان دڕی.

ژین سالح

***

مەحمود ئەبو ئەلعەباس
سەرۆکی چارەکێکی وڵاتەکەی
نیوەی هێشتا داگیرکراوەو
چارەکێکی وا لای حەماس
ئەوی "رامەڵڵا"ش
هێند خراپە
بۆتە سەردێڕی دەنگوباس.

***

"ئەبو مازن"
عەقلانییەک لە جوگرافیایەکی
لێوان لێو لە توندوتیژی
لە کارەکتەری شێت و دەهری.
سەرۆکی دەوڵەتی "خەونی دێرین"
کە لە داخی گەندەڵی تویراو
لەدەست توندڕەوی فڕی
ئەبو مازن.
گەشبینێک بەسەرکەوتن
بەسەرخستنی بەردی
سیزیف و
مانەوە لە لوتکەی نەمری.
لە داستانێک
پاڵەوانەکانی پێش ئەغیارەکان
لاپەڕەکانیان دڕی.

# کۆندالیزا رایس

«کۆندالیزا رایس بابی دەیان هەزار دۆلار خشڵ و زێڕی
بەدیاری پێبەخشراوە»
ئاژانسەکان

ناوێک لە تەلی مۆسیقاوە
رەنگێک لە دارستانە چڕەکانی ئەفەریقاوە
شێرە ژنێکی رەشپێست
کە پساندوویەتی کۆتوبەندی
بۆ دەفعی چاوە زارە
کەوا پێی دەڵێن "کۆندی"
***

خانم کۆندالیزا رایس
کلیلی رازەکانی بوشو
رووی دەرەوەی ئەمەریکا
خەونێکی گەشی هەبوو:
لە بانێژەی "وایت هاوس"
سەیرێکی دونیا بکا



سکێچ: عەلی مەندەلاوی

# کۆندالیزا رایس

«کۆندالیزا رایس بایی دەیان هەزار دۆلار خشڵ و زێری بەدیاری پێبەخشراوە»

ئاژانسەکان

ناوێک لە تەلی مۆسیقاوە
رەنگێک لە دارستانە چڕەکانی ئەفەریقاوە
شێرە ژنێکی رەشپێست
کە پساندوویەتی کۆتوبەندی
بۆ دەفعی چاوە زارە
کەوا پێی دەڵێن «کۆندی»
****

خانم کۆندالیزا رایس
کلیلی رازەکانی بوش‌و
رووی دەرەوەی ئەمریکا
خەونێکی گەشی هەبوو:
لە بانێژەی «وایت هاوس»
سەیرێکی دونیا بکا
*****

زۆری نەبرد کە خەون
بۆ واقیع چنی تەون
کۆندی بەراستو چەپدا،
سواری کەشتی
جیهان بوو
رۆژێک لە شەرقی ئەوسەت
تەمبێی دیکتاتۆری بوو
رۆژێک لەجۆرجیا میوان،
غەزەبی بەر مۆسکۆ کەوت
«شەرقی ئەوسەت جەدید»
کوتەک بوو بۆ ئیستبداد
خشڵو زێڕیان پێ بەخشی
تا رایس نەیانکات بەرباد
بەچی دەچێ خشڵو زێڕ؟
کە سوارچاکێک قاتی بێ
خەراباتی دڵ کوێرکا
و بەرپا بێ ژیان ئاباد.
*****

عومری کابینە تەواو
«مامۆستای دیموکراسی»
دەچێتەوە بۆ زانکۆ
ناوچەکەش زۆری ماوە
بۆ ماف و بۆ ئازادی
تەخت بێو ببێتە سەکۆ.

ژین سالح

***

زۆری نەبرد کە خەون
بۆ واقیع چنی تەون
کۆندی بەراست‌و چەپدا،
سواری کەشتی
جیهان بوو
رۆژێک لە شەرقی ئەوسەت
تەمبێی دیکتاتۆری بوو
رۆژێک لەجۆرجیا میوان،
غەزەبی بەر مۆسکۆ کەوت
"شەرقی ئەوسەت جەدید"
کوتەک بوو بۆ ئیستبداد
خشڵاو زێڕیان پێ بەخشی
تا رایس نەیانکات بەرباد
بەچی دەچێ خشڵاو زێڕ؟
کە سوارچاکێک قاتی بێ
خەراباتی دڵا کوێرکا
و بەرپا بێ ژیان ئاباد.

***

عومری کابینە تەواو
"مامۆستای دیموکراسی"
دەچێتەوە بۆ زانکۆ
ناوچەکەش زۆری ماوە

**بۆ ماف وبۆ ئازادی**

**تەخت بێ‌و ببێتە سەکۆ**

**"کۆندالیزا رایس بایی دەیان هەزار**

**دۆلار خشڵا و زێڕی بەدیاری**

**پێبەخشراوە"**

# جەنەڕاڵی دیبلۆماسی

«هەموو شێوازێک بۆ پاراستنی ئەمنیەتی وڵاتەکەمان پەیڕەو دەکەین» .

تیسپی لیڤنی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل

سەدەی بیستویەک
سەدەی خانمانە
با توندڕەوەکان یەخە دادڕن
لەمەلا رایس و لەملا هیلاری
لەو لاش لیڤنی لە مەیدانە.

***

هەتا ژنان سەروەرتر بن
سیاسەت جوانترو پەنهان.
لــێ پەیڕەوی جەنەڕاڵەکان
دەست نادات بۆ رێی خانمان
چ جای چاوی لێبکرێت.
با تەنانەت ئەو خانمەش
ئەفسەری پێشووی سوپاو
چالاکوانی مۆساد بێت.



سکێچ: عەلی مەندەلاوی

# جەنەڕاڵی دیبلۆماسی

«هەموو شێوازێک بۆ پاراستنی ئەمنیەتی وڵاتەکەمان پەیڕەو دەکەین».

تیسپی لیڤنی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل

سەدەی بیستویەک
سەدەی خانمانە
با توندڕەوەکان یەخە دادڕن
لەملا رایس و لەملا هیلاری
لەو لاش لیڤنی لە مەیدانە.
******

هەتا ژنان سەروەرتر بن
سیاسەت جوانترو پەنهان.
لـێ پەیڕەوی جەنەڕاڵەکان
دەست نادات بۆ رێی خانمان
چ جای چاوی لێبکرێت.
با تەنانەت ئەو خانمەش
ئەفسەری پێشووی سوپاو
چالاکوانی مۆساد بێت.
******

دەمڕاستی دیبلۆماسی ئیسرائیل
تیسپی لیڤنی.
پەیکەرێک لە جوانی باڵا
بۆ عەرەب لە رەنگ و کاژی حەربا
سوپەرمان لە خارجییەو
سەرۆک حزبێک لەبەرگی
«وەزیری حەرب»ـا
پەنجە توتەی هەڕەشەی
سەد ساروخی حەماسە
گەر لەپی ئایندە دەخوێنی.
«گوڵدا مائیر»ی دواڕۆژ
لەم خانمەدا بناسە.
******

لیڤنی خاتوون بۆ حەماس
هەر وەکو بەڵای خوایە
بۆیە دوعا لێکردنی
«هەم خێرو هەم غەزایە»
غەزە مەیدانی جەنگە
خارجیەش خەتی تەماس
لە ئەسڵیشدا ململانێی
بۆ شوێنی یەهوود ئۆلمەرت
و ئیحتیوای مەحمود عەباس.

ژین سالح

***

دەمڕاستی دیبلۆماسی ئیسرائیل

تیسپی لیڤنی.

پەیکەرێک لە جوانی باڵا

بۆ عەرەب لەرەنگ و کاژی حەربا

وەزیرێک لەپۆستی خاریجیەو

سەرۆک حزبێک لەبەرگی

"وەزیری حەربا"

پەنجە توتەی هەڕەشەی

سەد ساروخی حەماسە

گەر لەپی ئایندە دەخوێنی.

"گوڵدا مائیر"ی دوا رۆژ

لەم خانمەدا بناسە.

***

لیڤنی خاتوون بۆ حەماس

هەر وەکو بەڵای خوایە

بۆیە دوعا لێکردنی

هەم خێرو هەم غەزایە

غەزە مەیدانی جەنگە

خارجیەش خەتی تەماسە

لە ئەسڵیشدا ململانێی

بۆ شوێنی یەهوود ئۆڵمەرت

و ئیحتیوای مەحمود  عەباسە

# جۆرڤان ڤێیرا

یەکێتی تۆپی عێراق ناتوانێ لام ببات
جۆرڤان ڤێیرا
راهێنەری هەڵبژاردەی عیراق

راهێنەری دۆڕان
هەموو سمێڵا سورێک
هەمزە ئاغا نییەو،
نابێتە زێڕی ڕەسەنیش
هەموو درەوشاوەیەکی درۆ
دەبێ فوتبۆڵی
ئەم وڵاتەش
پێ بزانێ، هەموو
بنەچە بەرازیلییەک
نابێتەوە کاک "زاغالۆ"
بە کێ دەڵێی لەم عیراقەی
کەس کاغەزی کەسێکی تر
ناکاتەوە؟
بەکێ دەڵێی، هەموو



سکێچ: عەلی مەندەلاوی

# جۆرڤان ڤێیرا

**یەکێتی تۆپی پێی عیراق ناتوانێ لام ببات**

جۆرڤان ڤێیرا
راهێنەری هەڵبژاردەی عیراق

راهێنەری دۆڕان
هەموو سمێڵ سورێک
هەمزە ئاغا نییەو
نابێتە زێڕی ڕەسەنیش
هەموو درەوشاوەیەکی درۆ
دەبێ فوتبۆڵی
ئەم وڵاتەش
پێ بزانێ، هەموو
بنەچە بەرازیلییەک
نابێتەوە کاک «زاگالۆ»
بە کێ دەڵێی لەم عیراقەی
کەس کاغەزی کەسێکی تر
ناکاتەوە؟
بەکێ دەڵێی، هەموو
شتێک وا شێواوە
گەمەی سیاسەت
لە جامی فتبۆڵ ناخواتەوە؟
کە ئەحمەد ڕازی
ببێتە کاپتنی سیاسەتکار
بۆچی د.عەلی دەباغ
بکوژ و ببڕی وەرزشی نەبێ و
(ڤێیرا)ش
لە جێی بردنەوەی گەمە
ئاو نەکاتە ئاشی بەگوڕی
تیپی نەیار؟
جۆرڤان ڤێیرا
مەشقپێکەری دۆڕان و شکست
بەخت یاری بوو، (ئاسیا)ی هێنا
وازی لە نەگبەتی نەهانی
تا لەگەمەی (کەنداو)یدا
عیراقی لە ناوکەوە خست.
یانی کاکم بۆ ریشی عیراق چوو
سمێڵی بەرازیلیشی
ناوە بانی!

شتێک وا شێواوه
گەمەی سیاسەت لە
جامی فتبۆڵا ناخواتەوە؟
کە ئەحمەد ڕازی
ببێتە کاپتنی سیاسەتکار
بۆچی د. عەلی دەباغ
بکوژو ببڕی وەرزشی نەبێ‌و
(ڤێیرا)ش
لە جێی بردنەوەی گەمە
ئاو نەکاتە ئاشی بەگوڕی
تیپی نەیار؟
جۆرڤان ڤێیرا
مەشقپێکەری دۆڕان‌و شکست
بەخت یاری بوو ، (ئاسیا)ی هێنا
وازی لەنەگبەتی نەهانی
تا لەگەمەی (کەنداو)ێدا
عیراقی لە ناوکەوە خست.
یانی کاکم بۆ ریشی عیراق چوو
سمێڵی بەرازیلیشی
ناوە بانی!

# موفتی پەرلەمان

«پابەندین بە وادەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە»

عەدنان موفتی
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

دووجار لە مەرگی راستەقینە
گەڕایەوە
جارێک لە ساڵی هەشتاوحەوت
غەدر و ژەهری بەعسی تووش هات
جارێکی تر لە شوباتدا
وەختێک تیرۆری مەرگچێن
باڵی کێشایە سەر قەڵات
کەچی میوانی هەفتەمان
خۆی لە شەڕی راستەقینە
یانی: زەواج
هەرگیز نادات!
لەملا لە سەکۆی پەرلەمان
یاسای فرەژنی پێیە
لەولاش: خۆدەربازکردن و نەجات!



سکێچ: عەلی مەندەلاوی

# موفتی پەرلەمان

**«پابەندین بە وادەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە»**

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**

دووجار لە مەرگی راستەقینە
گەڕایەوە
جارێک لە ساڵی هەشتاوحەوت
غەدر و ژەهری بەعسی تووش هات
جارێکی تر لە شوباتدا
وەختێک تیرۆری مەرگچێن
باڵی کێشایە سەر قەڵات
کەچی میوانی هەفتەمان
خۆی لە شەڕی راستەقینە
یانی: زەواج
هەرگیز نادات!
لەملا لە سەکۆی پەرلەمان
یاسای فرەژنی پێیە
لەولاش: خۆدەربازکردن و نەجات!
* * * * *
موفتی دیاری هەولێر و
سەرۆکی موشەرعینی کوردستان:
عەدنان رەشاد موفتی
لە بنەماڵەی ئەفەندیانی هەولێری
شیعری
«جاهید»ی خوێندووە،
ئارەزووی لە دەنگی «فەرید»ـەو
گوێ لە ئەسمەهانیش دەگرێ.
* * * * *
لە ئەسڵدا باوەڕی
بە رێککەوتن لەگەڵ تورکمان و
حیواری عەرەب و کوردە
باوەڕی بە چارەی شێنەیی و
هەنگاو بە هەنگاوی وردە
بەڵام لە هەولێر
ئیدارەی پەرلەمانێکی
بان قەومی دەدا
کە هەندێکی لەگەڵ جیابوونەوە و
هەندێکیشی باوەڕی بە دەستووری
دەستووبردە.
* * * * *
وا سەرەنجام
هەر لە شوبات
داوای وادەی هەڵبژاردن دەکات
موفتی دەڵێ:
لە ١٩ی مایس، با دەوروتەسلیمێک بکرێت
لێ مەخابن، هەر لەبەر یاسای پەرلەمان
لە حەسانەوەی کۆتایی خولیشدا
جگەرەیەکی پشوودانی پێ ناکێشرێت!

ژین سالح

***

موفتی دیاری هەولێر و
سەرۆکی موشەرعینی کوردستان:
عەدنان رەشاد موفتی
لە بنەماڵەی ئەفەندیانی هەولێرێ
شیعری
"جاهید"ی خوێندووە
ئارەزووی لە دەنگی "فەرید"ـەو
گوێ لە ئەسمەهانیش دەگرێ.

***

لە ئەسڵدا باوەڕی
بە رێککەوتن لەگەڵ تورکمان و
حیواری عەرەب و کوردە
باوەڕی بە چارەی شێنەیی و
هەنگاو بە هەنگاوی وردە
بەڵام لە هەولێر
ئیدارەی پەرلەمانێکی
بان قەومی دەدا
کە هەندێکی لەگەڵ جیابوونەوە و
هەندێکیشی باوەڕی بە دەستووری
دەستووبردە.

***

وا سەرەنجام
هەر لە شوبات

**داوای وادەی هەڵبژاردن دەکات**
**موفتی دەڵێ:**
**لە ١٩ی مایس با دەوروتەسلیمێک بکرێت**
**لێ مەخابن، هەر لەبەر یاسای پەرلەمان**
**لە حەسانەوەی کۆتایی خولیشدا**
**جگەرەیەکی پشوودانی پێ ناکێشرێت!**

# ئەبو ئیسراو!

**دەبێ هەموومان پابەندی دەستور بین و دەستوریش**
**دەستکاری بکەین!**

**ئەبو ئیسراو!**
**نوری مالیکی**

**سەرۆک وەزیرانی عیراق**
**عەرەب چاکی سەلماندووە**
**"الناس علی دین ملوکهم"**
**حکومەت لەکوێ بێ**
**دەنگدەر لەوێیە**
**حکومەت هەم پارە، هەم**
**خەدەمات و هەم ..........داری پێیە**
**مالکی زەعیمی ئەوحەدی وڵات و حکومەت**
**دینی عیراقییش وا لەسەر خەتە**
**کێ لە سەرەوەیە، ئەو لەسەر ئەوەیە**
**رازیکردنی خێرو بەرەکەتە.**

*******

**بە دیموکراسی مەرکەزی سەپاند**
**بە هەڵبژاردن فیدراڵی قرتاند**



سکێچ: عەلی مەندەلاوی

# ئەبو ئیسراء!

**دەبێ هەمووومان پابەندی دەستوور بین و دەستووریش دەستکاری بکەین!**

نوری مالکی
سەرۆک وەزیرانی عیراق

عەرەب چاکی سەلماندووە
«الناس على دين ملوكهم»
حکومەت لەکوێ بێ
دەنگدەر لەوێیە
حکومەت هەم پارە، هەم
خەدەمات و هەم ..........داری پێیە
مالکی زەعیمی ئەوحەدی وڵات و حکومەتە
دینی عیراقییش وا لەسەر خەتە
کێ لە سەرەوەیە، ئەو لەسەر ئەوەیە
رازیکردنی خێرو بەرەکەتە.

* * * * *

بە دیموکراسی مەرکەزی سەپاند
بە هەڵبژاردن فیدراڵی قرتاند
بە شەڕی خانەقین و شەڕی ئیسنادیش
تۆوی دوژمنایەتی لەگەڵ کوردا چاند

* * * * *

نوری کامل ئەلمالکی
سەرۆک وەزیری عیراقی فیدراڵ
لە بزمار دەکوتێ و هەمیش دەدا، لە ناڵ
دۆستایەتی کوردانی دەوێ و
خۆشی لە کەرکوک بۆتە خاوەن ماڵ
شیعەی دەعوەیە و لەگەڵ سوننەشا
چاو بازی دەکا
وەک «ئەبو ئیسراء» هیچ عەیبی نییە
وەک سەرۆک وەزیر
چی ماوە نەیکا؟
دەستوور بۆ گوڵبژێری و
قانوونیش حەواڵەی لای
ئیسناد دەکا
بەم بردنەوەیەشی
هێندەی تر بایی
بۆ لەمەودواشی
مەگەر خوای گەورە
رەحمان پێ بکا!

ژین سالح

به شەڕی خانەقین و شەڕی ئیسنادیش
تۆی دوژمنایەتی لەگەڵا کوردا چاند
***
نوری کامل ئەلمالیکی
سەرۆک وەزیری عیراقی فیدراڵا
لە بزمار دەکوتێ و هەمیش دەدا لە ناڵا
دۆستایەتی کوردانی دەوێ و
خۆشی لە کەرکوک بۆتە خاوەن ماڵا
شیعەی دەعوەیە و لەگەڵا سوننەشا
چاو بازی دەکا
وەک "ئەبو ئیسراو" هیچ عەیبی نییە
وەک سەرۆک وەزیر
چی ماوە نەیکا؟
دەستوور بۆ گوڵبژێری و
قانونیش حەواڵەی لای
ئیسناد دەکا
بەم بردنەوەیەشی
هێندەی تر بایی
بۆ لەمەودواشی
مەگەر خوای گەورە
رەحممان پێ بکا!

# شێرکۆ بێکەس

بەم زوانە سەرجەم بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس لە چەند
بەرگێکدا لە سوید چاپ دەکرێت

لە زەمەنێکدا شیعر
لە پاشەکشێدایە
ئەو هێشتا وا لە لوتکەیە
هێشتا شیعری باسی
نوخبە و جێی سەرنجی
ئەو خەڵکەیە.
"جوامێر"ی داستانی
ئەدەبی موقاوەمە و
بۆ جەژنی ڤالانتاینیش
گوڵی سروشی شکۆفەیە
***
لەسەر کورسی، هی وەزارەت و
هی پەرلەمان،
جێناگرێ



سکێچ: عەلی مەندەلاوی

# شێرکۆ بێکەس

**بەم زوانە سەرجەم بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس لە چەند بەرگێکدا لە سوید چاپ دەکرێت**

لە زەمەنێکدا شیعر
لە پاشەکشێدایە
ئەو هێشتا وا لە لوتکەیە
هێشتا شیعری باسی
نوخبە و جێی سەرنجی
ئەو خەڵکەیە.
«جوامێر»ی داستانی
ئەدەبی موقاوەمە و
بۆ جەژنی ڤالانتاینیش
گوڵی سروشی شکۆفەیە

* * * *

لەسەر کورسی، هی وەزارەت و
هی پەرلەمان،
جێناگرێ
لەسەر «کورسی»ی دەقی
تازە، فوارەی ئەفراندنی
دانامرکێ.
مەسافەیەک نزیکی رووناکبیرییە
و دوو مەسافەش دوور لە سیاسەت
راناوەستێ.

* * * *

سلێمانی پەیرەوی ژیانی و
ئەندێشەی هی بان کوردستان
شەهید و زامی نەتەوە
خولیای دیوانی ئاوەدان.
لە پشووی جەنگاوەریشدا،
چاوی ئەغیاران هەر کوێربێت،
عاشقێکە.. بە دڵ و بە... گیان

* * * *

شێرکۆ فایەق بێکەس
لە ٢٧ ساڵەی باوکەوە
لەسەر رەگی یاخیبوون روا
لە یادەوەری شەفیقەخانی دایکیشەوە
رێزی ژنی بە باڵادا برا.

**ژین سالح**

لەسەر "کورسی"ی دەقی
تازە، فوارەی ئەفراندنی
دانامرکێ.
مەسافەیەک نزیکی رووناکبیرییە
و دوو مەسافەش دوور لە سیاسەت
راناوەستێ.

***

سلێمانی پەیڕەوی ژیانی و
ئەندێشەی هی بان کوردستان
شەهید و زامی نەتەوە
خولیای دیوانی ئاوەدان.
لە پشووی جەنگاوەریشدا،
چاوی ئەغیاران هەر کوێربێت،
عاشقێکە.. بە دڵ و بە... گیان

***

شێرکۆ فایەق بێکەس
لە ٢٧ ساڵەی باوکەوە
لەسەر رەگی یاخیبوون روا
لە یادەوەری شەفیقەخانی دایکیشەوە
رێزی ژنی بە باڵادا بڕا.

# تاریق هاشمی

((ئێمە گلەییمان لە برا کوردەکان هەیە))
تاریق هاشمی
جێگری سەرۆک کۆماری عێراق

هەموو کەشتییەکانی سووتاون
ئەم تاریقە وەکو
کوڕەکەی ئیبنوزیاد
بۆ پێشەوە بڕوا سوننەکانی
تاقمێکی بەتین و تاون.
لێ دوودڵ بێت
دەبنە تایتانیکێکی بەرباد.
****
تاریق ئەلهاشمی
ناوێکی عروبی پەسەن
لە سەردەمێکی ناپەسەندا
کە نە تەختی هاشمی ماوە و
نە تاجی پادشایەکی رەسەن.
میانڕەو وەک




# تاریق هاشمی

**«ئێمە گلەییمان لەبرا کوردەکان هەیە.»**

تاریق هاشمی
جێگری سەرۆک کۆماری عیراق

هەموو کەشتییەکانی سووتاون
ئەم تاریقە وەکو
کوڕەکەی ئیبنوزیاد
بۆ پێشەوە بڕوا سوننەکانی
تاقمێکی بەتین و تاون.
لێ دوو دڵ بێت
دەبنە تایتانیکێکی بەرباد.

* * * *

تاریق ئەلهاشمی
ناوێکی عروبی پەسەن
لە سەردەمێکی ناپەسەندا
کە نە تەختی هاشمی ماوە و
نە تاجی پادشایەکی رەسەن.
میانڕەو وەک
بنچە ئیخوانییەکەی
مەسلەکی وەک روتبە
سەربازییەکەی
خواستی بێ سنوور
لە رۆژگاری تەوافوق و بەش و پێگەی
لە میانڕەویدا لەگەڵ سەرۆک دا
یارە و
لە ململانێشدا
چاوی لە پلە و جێگەی !
چاوی عروبەی لێ دووربێت
کوردەکان خۆشەویستی وین.
سوننەکان دەستبەرداری بن.
شیعەکان بۆی دەبنە پەرژین.

بنچە ئیخوانییەکەی
مەسلەکی وەک روتبە
سەربازییەکەی
خواستی بێ سنوور
لە رۆژگاری تەوافوق و بەش و پێگەی
لە میانڕەویدا لەگەڵ سەرۆک دا
یارە و
لە ململانێشدا
چاوی لە پلە و جێگەی!
چاوی عروبەی لێ دوور بێت
کوردەکان خۆشەویستی وین.
سوننەکان دەستبەرداری بن.
شیعەکان بۆی دەبنە پەرژین.

# سەید عادل عەبدولمەهدی

عیراق بەرەو عەسکەرتاری و دیکتاتۆری دەڕوات
عادل عەبدولمەهدی
سەرۆک کۆماری عیراق

سەید عەبدولمەهدی باوک
شالیاری دائیمی
پادشاو،
سەیدی کابینەکانی "عەهدی بائید".
خۆشی ماوەیەک قەومی بوو
ئەو دەمەی عروبە رۆمانسی و
بەعسیش نەکرابووە حزبی قائید.
کوڕی شالیار خۆی دایەدەست
قەدەری چەپ و
لە پاریسی
پایتەختی ئۆینبازی شۆڕش و
"ئاژاوەی فیکریی" گیرسایەوە.
بەعس هێندە زوڵمی لە شیعە کرد
شیوعیەت هێندە پاشەکشێی کرد



سکێچ: عەلی مەندەلاوی

# سەید عادل عەبدولمەهدی

## عیراق بەرەو عەسکەرتاری و دیکتاتۆری دەڕوات

عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرۆک کۆماری عیراق

سەید عەبدولمەهدی باوک
شالیاری دانیمی
پادشاو،
سەیدی کابینەکانی «عەهدی بائید».
خۆشی ماوەیەک قەومی بوو
ئەو دەمەی عروبە رۆمانسی و
بەعسیش نەکرابووە حزبی قائید.
کوڕی شالیار خۆی دایەدەست
قەدەری چەپ و
لە پاریسی
پایتەختی ئۆینبازی شۆڕش و
«ئاژاوەی فیکریی» گیرسایەوە.
بەعس هێندە زوڵمی لە شیعە کرد
شیوعیەت هێندە پاشەکشێی کرد
سەرەنجام میوانی ئەم هەفتەیە
روو لە ئیمامی هەق و عەدل: ئیمامی عەلی
بای دایەوە.

* * * *

سەید عادل عەبدولمەهدی
رۆشنبیرییەکەی سەرمایەی زێڕینە بۆ
عیراق و
بەڵای ناگەهانی سیاسەتە.
لە بەغدایەک نە کتێب دادی دەدا و
نە فیکریش خاوەن دەرفەتە.

* * * *

پاڵێوراوی هەمیشەی سەرۆک وەزیرانی و
لابراوی دوا ساتی سازش و سەودا.
هەر دەنگ مەکەن، چیرۆکێکی پڕ خەفەتە.
لە حوکمی عەسکەری دەترسن.
لە مافی کوردان دەپرسن
باوەڕپێکراوی ئال حەکیم و هۆی
ئاخو ئۆفی حزبی دەعوە
جێگری سەماحەتی حەکیم و دۆستی دێرینی
سەرکۆمارە.
چانسی کەمە، یان خۆی لە ئەسڵا نەگبەتە؟
لە جنوب دۆستی کوردە، تاوانبارە
بۆ شیعە زنجیرپسێن و
لەبەر سونەش خەفەتبارە
ئەمەش دابی
بیرمەندی گیرۆدەی:
وەزیفەی ریئاسەتە.

سەرەنجام میوانی ئەم هەفتەیە
روو لە ئیمامی هەق و عەدل: ئیمامی عەلی
بای دایەوە.
❋❋❋

سەید عادل عەبدولمەهدی
رۆشنبیرییەکەی سەرمایەی زێڕینە بۆ
عیراق و
بەڵای ناگەهانی سیاسەتە.
لە بەغدایەک نە کتێب دادی دەدا و
نە فیکریش خاوەن دەرفەتە.
❋❋❋

پاڵێوراوی هەمیشەی سەرۆک وەزیرانی و
لابراوی دوا ساتی سازش و سەودا.
هەر دەنگ مەکەن، چیرۆکێکی پڕ خەفەتە.
لە حوکمی عەسکەر دەترسێ.
لە مافی کوردان دەپرسێ
باوەڕپێکراوی ئال حەکیم و هۆی
ئاخو ئۆفی حزبی دەعوە
جێگری سەماحەتی حەکیم و دۆستی دێرینی
سەرکۆمارە.
چانسی کەمە، یان خۆی لە ئەسڵا نەگبەتە؟
لە جنوب دۆستی کوردە، تاوانبارە

بۆ شیعە زنجیرپسێن و
لەبەر سونەش خەفەتبارە
ئەمەش دابی
بیرمەندی گیرۆدەی:
وەزیفەی ریئاسەتە·

# سەرۆکی حزبی هەمیشە براوە

ئێمە لە کاریگەری تەنگەژەی دارایی لەسەر وڵاتەکەمان دەترسین
عجایکوب زۆما
سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی باشووری ئەفریقا

شاگردی جارانی کاک ماندێلایە
دەرچووی خەباتی جنوب ئەفریقایە
سەرەڕای کەموکوڕی و کێوی رەخنەکان
حزبی موئتەمەر، چونکە خۆی ئەسڵە
گرەوی بردەوە لە گشت نەیاران.
حزبی رۆژانی سەختی خەباتە
رێی حزبی ئەسڵی رێگای نەجاتە
کە لیستی حزب ماوە لە ساحە
دەنگدان بە مونشەق هەر زۆر گوناحە
***
سەرەنجام جایکوب
کوڕی مام زۆما
زانی لێرەوە بۆ چەند دەورەی تر
هەموو رێگاکان دەچنەوە رۆما

# سەرۆکی حزبی هەمیشە براوە

**ئێمە لە کاریگەری تەنگەژەی دارایی لەسەر وڵاتەکەمان دەترسین**

جایکوب زۆما
سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی باشووری ئەفریقا

شاگردی جارانی کاک ماندێلایە
دەرچووی خەباتی جنوب ئەفریقایە
سەرەڕای کەموکوڕی و کێوی رەخنەکان
حزبی موئتەمەر، چونکە خۆی ئەسڵە
گرەوی بردەوە لە گشت نەیاران.
حزبی رۆژانی سەختی خەباتە
رێی حزبی ئەسڵی رێگای نەجاتە
کە لیستی حزب ماوە لە ساحە
دەنگدان بە مونشەق هەر زۆر گوناحە

* * * *

سەرەنجام جایکوب
کوڕی مام زۆما
زانی لێرەوە بۆ چەند دەورەی تر
هەموو رێگاکان دەچنەوە رۆما
نەحزبی رکابەر، نە گروپی جیاوازخواز
نەگەیشتنە موراد، ناگەنە مراز
حزبێک میللەتی لە خەم رزگار کرد
لە هەڵبژاردندا، تاجەکەی بۆ خۆی برد
لەمەو دوای حوکمکردن
کێشەی زۆر دەبێ
سەختر لە جاران
ئەرکی خزمەتەو
داوای «سپیو رەش»
جۆراوجۆر دەبێ.
میللەت کە متمانەی پێتان دایەوە
لە خزمەتیابن، بەسەرو بەگیان،
بەسەرمایەوە.

ژین سالح

نەحزبی رکابەر، نە حزبی جیاوازخواز
نەگەیشتنە موراد، ناگەنە مراز
حزبێک میللەتی لە خەم رزگار کرد
لە هەڵبژاردندا، تاجەکەی بۆ خۆی برد
لەمەودوای حوکمکردن
کێشەی زۆر دەبێ
سەختر لە جاران
ئەرکی خزمەتەو
داوای "سپیو رەش"
جۆراوجۆر دەبێ.
میللەت کە متمانەی پێتان دایەوە
لە خزمەتیابن، بەسەرو بەگیان
بەسەرمایەوە.

# سواری گورجستان

«رۆژئاوا پشتی تێکردین»

میخایل ساکاشڤیلی

سەرۆک وڵاتی گورجستان

حاڵتان بە حاڵی دەردی ئەو نەبێ.
مردووتان کە مرد شیرین خەو نەبێ.
ئەم گورجستانە، نیشتەنی ستالین
بۆ روسیای پۆتین کردییە "فەلەستین"؟
رق کە ببارێ ئاوا دەبارێ
پۆرتی بەدلیسی هێنایە خوارێ

***

گیرۆدەی داوی شەڕی گەورەکان
باعیسی سەرچڵی
بێ هۆ، بێ هەنجەت
بێ ناو و نیشان.
پشت بەستوو بە غەرب ، خۆی گیڤ کردەوە
لەملا ، لە شەرق و رێک لە مۆسکۆوە

# سواری گورجستان

## "رۆژئاوا پشتی تێکردین"

میخایل ساکاشفیلی
سەرۆک وڵاتی گورجستان.

حاڵتان بە حاڵی دەردی ئەو نەبێ.
مردووتان کە مرد شیرین خەو نەبێ.
ئەم گورجستانە، نیشتەنی ستالین
بۆ روسیای پۆتین کردییە «فەلەستین»؟
رێ کە بباری ئاوا دەباری
پۆرتی بەدلیسی هێنایە خواری

* * * *

گیرۆدەی داوی شەڕی گەورەکان
باعیسی سەرچڵی
بێ هۆ، بێ هەنجەت
بێ ناو و نیشان.
پشت بەستوو بە غەرب ، خۆی گێف کردەوە
لەملا ، لە شەرق و رێک لە مۆسکۆوە
پاشەکشێ پێکرا و بۆ قاوغەکەی
خۆی، یانی هیی جاران،
بە پەلە چۆوە!
لە جێی شەڕی روس ، شەڕی بێ ئامان
بۆ سەرقاڵ نابی
بە وڵاتی خۆتان؟
لە جێی ئەستۆنیا
بگرە ئەپخازیاش
بۆ خەریک نابی
بە ئاوەدانی، بە دیموکراسیی
بە دیلبۆماسیی پیاوی نیاز باش؟
واشنتۆن، کە دۆستە،
بۆ ئەوە دۆستە
تا تۆ لەو پۆستە
هاوکاری بەدلیسی و واشنتۆنیش بی.
کە فەرتەنە بکەی، یان شەڕ بفرۆشی؟
بە روسیای پۆتین، ئەیارە دراوسێکەی
ئەوسا سەرۆک بوش،
یان جێگرەوەکەی:
سەرۆک ئۆباما
چۆن فریات کەون
کاک ساکاشڤیلی،
کە خۆت کەوتبی
بە پشتی کۆما
میللەتت ئاوارەیە بە دەشت و چۆما
سیاسەت و پایتەختیش
هەروان، بە دیلی؟

پاشەکشێ پێکرا و بۆ قاوغەکەی
خۆی، یانی هیی جاران،
بە پەلە چۆوە!
لە جێی شەڕی روس ، شەڕی بێ ئامان
بۆ سەرقاڵ نابی
بە وڵاتی خۆتان؟
لە جێی ئەستۆنیا
بگرە ئەپخازیاش
بۆ خەریک نابی
بە ئاوەدانی، بە دیموکراسیی
بە دیلبۆماسیی پیاوی نیاز باش؟
واشنتۆن، کە دۆستە،
بۆ ئەوە دۆستە
تا تۆ لەو پۆستە
***

هاوکاری بەدلیسی و واشنتۆنیش بی.
کە فەرتەنە بکەی، یان شەڕ بفرۆشی؟
بە روسیای پۆتین، نەیارە دراوسێکەی
ئەوسا سەرۆک بوش،
یان جێگرەوەکەی:
سەرۆک ئۆباما
چۆن فریات کەون
کاک ساکاشڤیلی،

که خۆت کەوتبی
بە پشتی کۆما
میللەتت ئاوارەیە بە دەشت و چۆما
سیاسەت و پایتەختیش
هەروان، بە دیلی؟

# خەواجە ئۆغلو!

کار لەسەر هێنانە سەر پلێتی کێشەکان دەکەین
ئەحمەد داود ئۆغلو
وەزیری دەرەوەی تورکیا

پێی دەڵێن مستەر کیسنجەر
بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
لەجێی گەڤ و هەڕەشە
دیپلۆماسی نەرم و نیان
بۆ دۆستان، دێنێ بە خەڵات.
راوێژکاری ئەردوغان
شەرقی غەزەو کرد بە یەکجار
هێرشی هێند کاریگەر:
تیغی تیژ، نەک هی دەبان
سوارچاکی لێکگەیشتن
خاوەنی تیغی زوبان!
***
داود ئۆغلوی خەواجە
ساینی تورکیای سەدەی نوێ

# خەواجە ئۆغلو!

## کار لەسەر هێنانە سەر پلێتی کێشەکان دەکەین.

ئەحمەد داود ئۆغلو
وەزیری دەرەوەی تورکیا

پێی دەڵێن مستەر کیسنجەر
بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
لەجێی گەف و هەڕەشە
دیپلۆماسی نەرم و نیان
بۆ دۆستان، دێنێ بە خەڵات.
راوێژکاری ئەردوغان
شەرقی غەزەو کرد بە یەکجار
هێرشی هێند کاریگەر:
تیغی تیژ، نەک هی دەبان
سوارچاکی لێکگەیشتن
خاوەنی تیغی زوبان!

* * * *

داود ئۆغلوی خەواجە
سایێنی تورکیای سەدەی نوێ
رۆژێ لە بەغدا، یەریڤان
جارێ بە نهێنی لە هەولێر
جارێ بە ئاشکرا لە
واشنتۆن،
یان لە دیمەشق و لە تاران.
فاتحی بەجەبەروتی وڵاتان
مەمالک و ئەقالیم
بۆ چارەی کێشە و گرفت
سەد سەعات گوێڕادێران.
دوو سەدیش بۆ سین و جیم.

* * * *

دەزانێ دونیا گۆڕاوە
شمشێر لە سەردەم تۆراوە
بۆیە وەزیری دەرەوە
وردو درشتی کێشەکان
لەخوار تاکو سەرەوە
کێومالّی دۆستێکانی وین
عەرەب و عەجەم، تا گورجستان
یەکێتی ئەوروپا، تا وڵاتی چین.
ئۆغلو باشە بۆ دەرەوەی تورک
لێ وڵات قەد ئارام نابێ.
تا دیار بەکر عاجز بێ و
تا قسەو گفتوگۆ نەکەن
لەگەڵ حەمەدۆک: ئەحمەد تورک.

ژین سائح

رۆژێ لە بەغدا، یەریڤان
جارێ بە نهێنی لە هەولێر
جارێ بە ئاشکرا لە
واشنتۆن،
یان لە دیمەشق و لەتاران.
فاتحی بەجەبەروتی وڵاتان
مەمالک و ئەقالیم
بۆ چارەی کێشە و گرفت
سەد سەعات گوێڕادێران.
دوو سەدیش بۆ سین و جیم.
***
دەزانێ دونیا گۆڕاوە
شمشێر لە سەردەم تۆراوە
بۆیە وەزیری دەرەوە
وردو درشتی کێشەکان
لەخوار تاکو سەرەوە
کێومالْی دۆسێکانی وین
عەرەب و عەجەم ، تا گورجستان
یەکێتی ئەوروپا، تا وڵاتی چین.
ئۆغلو باشە بۆ دەرەوەی تورک
لێ وڵات قەد ئارام نابێ.
تا دیار بەکر عاجز بێ و
تا قسەو گفتوگۆ نەکەن
لەگەڵا حەمەدۆک: ئەحمەد تورک

# جۆن دیمیانیوک

«من تاوانبار نیم، هەڵەیەک لە مەسەلەکەدا هەیە»
پاسەوانی زیندانێکی نازییەکان لە پۆڵەندا کە لە ئەڵمانیا بە تۆمەتی بەشداری  لە کوشتنی نزیکەی سی هەزار جولەکە لە جەنگی جیهانیی دووەمدا دادگایی دەکرێت

ئیڤانی ترسناک!
زیاد لەنیو سەدە
بەدوایدا گەڕان.
لەدەستیان قوتار بوو،
چوون بەرزەکی بانان
بەڵام عەدالەت، خوێنی
قوربانیان
گەورەتر لە فێڵی
بەعسی و نازسیتە
درەنگ یان زوو
دێتەوە مەیدان
***
تاوانباری جەنگ

# جۆن دیمیانیوک

## "من تاوانبار نیم، هەڵەیەک لەمەسەلەکەدا هەیە"

پاسەوانی زیندانێکی نازییەکان لە پۆڵەندا کە لە ئەڵمانیا بە تۆمەتی بەشداری لە کوشتنی نزیکەی سی هەزار جولەکە لە جەنگی جیهانیی دووەمدا دادگایی دەکرێت

## ئیڤانی ترسناک!

زیاد لەنیو سەدە
بە دوایدا گەڕان.
لەدەستیان قوتار بوو
چوون بەرزەکی بانان،
بەڵام عەدالەت، خوێنی
قوربانیان
گەورەتر لە فێڵی
بەعسی و نازسیتە
درەنگ یان زوو
دێتەوە مەیدان.
* * * *
تاوانباری جەنگ
ناسراو بە ئیڤان
ئیڤانی ترسناک، قەیسەریش نەبوو
چوون جەلادەکەی
ئەنفالی کوردان
حەجاج رەفتارو
ناو (جۆن دیمیانیوک)
نزیکەی سی هەزار
گیانی خستە چۆک
کەچی ئێستاکە دەڵـێ:
من نەبووم،
من خۆم کۆمۆنیست
تووشی بەندی بووم.
غەسیلی دەماغ
تووشی دەردێ بووم
لە وڵات تەولا
لە حکومەت یاساغ.
* * * *
غەسیلی چی بووی؟
بەندی «شمولی»
جا هی بەلشەفی
یان بەعسی و نازی
کە میللەت قڕان
لاتان ئایدیا بێت
فیکرو رێبازی؟
تۆ خۆت نۆکرانی
میللەتت راگوێزراو
چیت دابوو لە ستالین
یان هیتلەرو ماو؟
زیاد لە پەنجا ساڵ
بەترس و لەرزەو
فێڵی فەتاح فاڵ
تا سەرەنجامیش
وەک سەدام، کیمیاوی
راوی و سەبعاوی
وا کەوتیتە داو.

ناسراو بە ئیڤان
ئیڤانی ترسناک، قەیسەریش نەبوو
چوون جەلادەکەی
ئەنفالی کوردان
حەجاج رەفتار و
ناو (جۆن دیمیانیوک)
نزیکەی سی هەزار
گیانی خستە چۆک
کەچی ئێستاکە دەڵێ:
من نەبووم،
من خۆم کۆمۆنیست
تووشی بەندی بووم
غەسیلی دەماغ
تووشی دەردێ بووم
لە وڵات تەولا
لە حکومەت یاساغ
***
غەسیلی چی بووی؟
بەندی ((شمولی))
جا هی بەلشەفی
یان بەعسی و نازی
کە میللەت قڕان
لاتان ئایدیا بێت
فیکر و ڕێبازی؟

تۆ خۆت ئۆكرانی
میللەتت راگوێزراو
چیت دابوو لە ستالین
یان هیتلەر و ماو؟
زیاد لە پەنجا ساڵ
بە ترس و لەرزەو
فێڵی فەتاح فاڵ
تا سەرەنجامیش
وەک سەدام، كیمیاوی
راوی و سەبعاوی
وا كەوتیتە داو.

# هەڤاڵ کۆڵن پاوڵ

«پێم وایە پاوڵ حزبی بەجێهێشتووە،
نەمزانیووە کە تا ئێستا جەمهورییە»
دیک چینی
«زانیارییەکانی چینی هەڵەیە، من تائێستاش خۆم
بەجەمهوری دەزانم»
کۆڵن پاوڵ

نە لەکۆبونەوەی شانە و پۆل
بەشدار دەبێ،
نە ئابونەی حزب دەدا
لە سەرۆک بوش بوو تەولا و
دەنگی بە جۆن مەیکن نەدا
***
لە تەنگژەدا فریای جەمهوری نەکەوی و
لە هەڵمەتی هەڵبژاردنیشدا بێدەنگ و بێ هیوا و
سەرکز بی.
ئەی پێم نالێی، کاک کۆڵن پاوڵ

# هەڤاڵ کۆڵن پاوڵ

**«پێم وایە پاوڵ حزبی بەجێهێشتووە،**
**نەمزانیووە کە تائێستا جەمهورییە»**
دیک چینی

**«زانیارییەکانی چینی هەڵەیە، من**
**تائێستاش خۆم بەجەمهوری دەزانم»**
کۆڵن پاوڵ



ن لەکۆبونەوەی شانە و پۆل
بەشدار دەبێ؛
ە ئابوونەی حزب دەدا
ە سەرۆکی بوش بوو تەوەلا و
دەنگی بە جۆن مەکین ئەدا
* * * *
ە تەنگژەدا فریای جەمهوری
نەکەوی و
ە هەڵمەتی هەڵبژاردنیشدا بێدەنگ
ر بێ هەوا و
ەرکز بی.
ەی پێم ناڵێی، کاک کۆڵن پاوڵ
تۆ بۆچی ئەندامی حزبی؟
* * * *
ە ئیدارەی بوشی باوک
ە کوێت گیرتخوارد و
ەسرەت بە گورگان خواردوو دا.
ە ئیدارەی بوشی کوڕدا
ەم دوودڵ و هەمیش ڕاڕا
تا دیبلۆماسییەت کەوتەگەڕو
وێنەرت بەملا و بەولادا نارد.
کاک رامسفێڵدی برادەرت، بەغدای بە
ژەنەراڵ فرانکس سپارد.
* * * *
کابینەی دوو، درەنگیش بوو
خانم رایسی هێنایە جێت،
کاتێک حزبی جەمهورییەکان
کەوتە داوی هەڵبژاردن
لەجێی پاڵپشتیت بۆ مەکین
وا بینیان ریزی ئۆباماپە
رێ و جێت!
* * * *
سەر سەرم، رەخنەت هەیە
بان دیەم، ئەم وەزعەی
حزب پڕ لە هەڵە و پەڵەیە
بەڵام کەی رەوای هەقە،
ئەی کاک پاوڵ،
سەنگەری تر لە حزب بگری و
بیکەیتەوە بە شەڕە تەقە.
کاک (تیم بولنتی) هاوڕێی دڵسۆزی
حزبەکەت، چاکی درکاند:
«پێت ناخۆشە کە پێت بڵێم، لە
جێی توانج، تەنگژەی حزب چارە
بکە،
چونکە قسەم رەوای حەقە،
قسەی حەقیش دایمە ڕەقە»

تۆ بۆچی ئەندامی حزبی؟

***

لە ئیدارەی بوشی باوک
لە کوێت گیرتخوارد و
بەسرەت بە گورگان خواردوودا٠
لە ئیدارەی بوشی کوڕدا
هەم دوودڵا و هەمیش ڕاڕا
تا دیبلۆماسییت کەوتەگەڕو
نوێنەرت بەملا وبەو لادا نارد٠
کاک رامسفێڵدی برادەرت، بەغدای بە
ژەنەڕاڵا فرانکس سپارد٠

***

کابینەی دوو، درەنگیش بوو
خانم رایسی هێنایە جێت
کاتێک حزبی جەمهورییەکان
کەوتە داوی هەڵبژاردن
لەجێی پاڵپشتیت بۆ مەکین
وا بینیان ریزی ئۆبامایە
رێ و جێت!

***

سەر سەرم ، رەخنەت هەیە
بان دیەم ، ئەم وەزعەی
حزب پڕ لە هەڵە و پەڵەیە
بەڵام کەی رەوای هەقە،

ئەی کاک پاوڵا،
سەنگەری تر لە حزب بگری و
بیکەیتەوە بە شەڕە تەقە.
کاک (تیم بولنتی) هاوڕێی دڵسۆزی
حزبەکەت، چاکی درکاند:
"پێت ناخۆشە کە پێت بڵێم، لە جێی توانج، تەنگژەی حزب
چارە بکە
چونکە قسەم ڕەوای حەقە
قسەی حەقیش دایمە ڕەقە"

# سۆشیالیزمی میراتگری!

کیم ئیل یۆنگ کە جێی باوکی،
کیم ئیل سۆنگی گرتەوە
بە نیازە کیم جۆن ئۆنی
کوڕی لە شوێنی خۆی دابنێت.

ئاژانسەکان

دوو ناو و ناوەڕۆکی نەوەوی لای
هاوڕێ کیم ئیل یۆنگ
پیرۆزن، وەک شەرابی کۆن
تاقیکردنەوەی چەکی
نەوەوی وڵاتەکەی
و بەروبومی
حامزی
نەوەوی
خۆی: هاوڕێ کیم جۆن ئۆن.
خوا بەزیادی نەکات
هەردووکیان بۆ مرۆڤ
دەرد و بەڵان.
دووەمیان بەڵا بۆ گەلی کۆریا و

# سۆشیالیزمی میراتگری!

کیم ئیل یۆنگ کە جێی باوکی،
کیم ئیل سۆنگی گرتەوە
بە نیازە کیم جۆن ئۆنی
کوڕی لە شوێنی خۆی دابنێت.

ئاژانسەکان

دوو ناو و ناوەڕۆکی نەوەوی لای
هاوڕێ کیم ئیل یۆنگ
پیرۆزن، وەک شەرابی کۆن
تاقیکردنەوەی چەکی
نەوەوی وڵاتەکەی
و بەروبومی
حامزی
نەوەوی
خۆی: هاوڕێ کیم جۆن ئۆن.
خوا بەزیادی نەکات
هەردووکیان بۆ مرۆڤ
دەرد و بەڵان.
دووەمیان بەڵا بۆ گەلی کۆریا و
یەکەمیان بۆ زەوی، بۆ
ئاسمان و چینی ئۆزۆن

* * * *

سۆشیالیزمی میراتگری
لە باوکی چل ملیۆن کۆرییەوە:
هاوڕێی خۆشەویست کیم ئیل
سۆنگ
بۆ باوکی مامناوەنجی
سەرکردەی بێ هاوتای نەوەوی
یانی: هاوڕی کیم ئیل یۆنگ.
سۆشیالیزمێک بە میراتیان بێ
هەر لە تیئوری زۆتشەی درۆ
تا تیئوری بەعسی ترۆ
سۆشیالیزمی میراتگری
میراتی دیکتاتۆرییە
چ سوور بێ یاخود سپی روون
یان بێ رەنگ بێ و بێ تام و بۆ!

* * * *

لە هەر کوێیەک ئیستبداد هەبێ
ناوی بنێ کۆریای باکوور
لە هەر کوێیەک هەژاری هەبوو
نانکڕین بە سرە و را دەربڕین
بە قستی مانگانەبوو
ئەوێیە جەهەنەمی
نزیک و دوور
با خاوەنی کورەی ئەتۆم
یان ساحیبی
کیم ـی باپیر
کیم ـی باوک و
کیم ـی کوڕ بێ.
با تەنانەت بۆی دانەوێنن
ئەمەریکا و چین
عەجەم و رۆم.

**ژین سالح**



یەکەمیان بۆ زەوی، بۆ
ئاسمان و چینی ئۆزۆن
❋❋❋
سۆشیالیزمی میراتگری
لە باوکی چل ملیۆن کۆرییەوە
هاوڕێی خۆشەویست کیم ئیل
سۆنگ
بۆ باوکی مامناوەنجی
سەرکردەی بێ هاوتای نەوەوی
یانی: هاوڕێ کیم ئیل یۆنگ
سۆشیالیزمێک بە میراتیان بێ
هەر لە تیئوری زۆتشەی درۆ
تا تیئۆری بەعسی تڕۆ
سۆشیالیزمی میراتگری
میراتی دیکتاتۆرییە
چ سوور بێ یاخود سپێ روون
یان بێ رەنگ بێ و بێ تام و بۆ!
❋❋❋
لە هەر کوێیەک ئیستبداد هەبێ
ناوی بنێ کۆریای باکوور
لە هەر کوێیەک هەژاری هەبوو
نانکڕین بە سرە و را دەربڕین
بە قستی مانگانە بوو
ئەوێیە جەهەنەمی

نزیک و دوور
با خاوەنی کورەی ئەتۆم
یان ساحیبی
کیم-ی باپیر
کیم-ی باوک و
کیم-ی کوڕ بێ.
با تەنانەت بۆی دانەوێنن
ئەمەریکا و چین
عەجەم و رۆم

# نەژادی دوو

ئەحمەدی نەژاد لە هەلومەرجێکی
دژواری هەڵبژاردندا جارێکی تر
دەورانێکی تری سەرۆکایەتی ئێرانی
بەنسیب بوو
ئاژانسەکان

ئەسڵەن ئازەری و
ئێرانی نەژاد
هەزار دۆستی چاک
لەگەڵ فەقیران خاوەن پرۆژە
لەگەڵ ریفۆرما کەسێکی بێ باک
هەر دەستی و رۆژە بە رۆژە
***
دکتۆر مەحمودی ئەحمەدی
نەژاد
سەرۆک کۆماری پر کێشەی
ئێران
لەگەڵ جولەکە لە شەڕ و
دەعوا
لەگەڵ ((شەیتانی ئەکبەری دونیا))

# نەژادی دوو

نەحمەدی نەژاد لە هەلومەرجێکی دژواری هەڵبژاردندا جارێکی تر دەورانێکی تری سەرۆکایەتی ئێرانی بەنسیب بوو

نازانسەکان

ئەسڵەن ئازەری و
ئێرانی نەژاد
هەژار دۆستی چاک
لەگەڵ فەقیران خاوەن پرۆژە
لەگەڵ ریفۆرما کەسێکی بێ باک
هەر دەستی دەستی و رۆژە بە
رۆژە

* * * *

دکتۆر مەحمودی ئەحمەدی
نەژاد.
سەرۆک کۆماری پر کێشەی
ئێران
لەگەڵ جولەکە لە شەڕو
دەعوا
لەگەڵ «شەیتانی ئەکبەری
دونیا»
ناکۆکی سیاسیی لێ بووە بە
تەقوا.
یەک تۆزقاڵ لا نادا
لەقسەی رەهبەر
یەک زەڕە خۆش نابێ
لە زەڕەی ئەتۆمی،
لەوەلائی پاسداران،
لە دەعمی عەسکەر.

* * * *

بە حەملەی هەڵبژاردن
دوعای پیاوچاکان
وا جارێکی تر، بۆ چوارساڵی تر
هاتەوە مەیدان.
موسەوی و کەڕوبی
کەیفی خۆیانە
بۆ شکات و گلەیی
دەچنە سەر وەیس
یان داد و بێدادیان
لە حەرەمی زانکۆ و
لە دادگاکانە.

* * * *

نەژاد هاتەوە
بۆ سەر کورسی نا،
بۆ سەر حەسیری
سەرۆکایەتی.
ئەمما ئێرانی
کۆماری ئیسلامی
هێشتا گرفت
دەردە دارێتی
نەژاد یەک تەواو
ئێستا نەژاد دوو
لەم هەفتەیەوە
وا سەرداریێتی.

ژین سالح



ناکۆکی سیاسیی لێ بووە بە تەقوا.
یەک تۆزقاڵ لا نادا
لە قسەی ڕەهبەر
یەک زەڕە خۆش نابێ
لە زەڕەی ئەتۆمی،
لە وەلائی پاسداران،
لە دەعمی عەسکەر.
***
بە حەملەی هەڵبژاردن
دوعای پیاوچاکان
وا جارێکی تر، بۆ چوار ساڵی تر
هاتەوە مەیدان.
موسەوی و کەڕوبی
کەیفی خۆیانە
بۆ شکات و گلەیی
دەچنە سەر وەیس
یان داد و بێدادیان
لە حەرەمی زانکۆ و
لە دادگاکانە.
***
نەژاد هاتەوە
بۆ سەر کورسی نا،
بۆ سەر حەسیری
سەرۆکایەتی.

ئەمما ئێرانی
کۆماری ئیسلامی
هێشتا گرفت
دەردە دارێتی
نەژاد یەک تەواو
ئێستا نەژاد دوو
لەم هەفتەیەوە
وا سەردارێتی

# مووسەوی

عەسای مووسابوو
لەسەردەمی زوو،
سەرۆک وەزیری دەمی ئیمام بوو
چەپڵە لێدەری حوکمی ئیسلام بوو
کەچی ئێستاکە لێی تەوەللایە
دژی دەسەڵات، ماڵی جیایە
***
ئاغای مووسەوی هەتا لەگەڵ بوو
نیزام وئیمام، گشتی بە دڵ بوو
کە مۆدی نەما، دەوری کۆماری
ئیسلاح تەڵەبان بوونە: بیماری
میرم مووسەوی
تۆ خۆت بەشێک بووی
لەم رێگاونەزمە

# مووسەوی

عەسای مووسابوو
لە سەردەمی زوو،
سەرۆک وەزیری دەمی ئیمام بوو،
چەپڵە لێدەری حوکمی ئیسلام
بوو
کەچی ئێستاکە لێی تەوەللایە
دژی دەسەڵات، ماڵی جیایە

* * * *

ئاغای مووسەوی هەتا لەگەڵ
بوو
نیزام و ئیمام، گشتی بە دڵ بوو
کە مۆدی نەما، دەوری کۆماری
ئیسلاح تەڵەبان بوونە: بیماری.
میرم مووسەوی
تۆ خۆت بەشێک بووی
لەم رێگاو نەزمە
ئێستا چ خێرە، ئەم بەزم و
رەزمە؟
ئاوێکی وا رشت بە زێی سیروانا
بەردە فرکانێ
بۆتە دەستوورێک
لەم دەفەر بۆ ئەو
دەور و مەکانە
بەردەفرکێیە بۆ
عەرشەکەی شا،
خوا لەوە ناخۆشتر
قەتاوقەت نەدا!

* * * *

میرم مووسەوی کێشەی تۆ و
نەژاد
تەشەنە نەکا
بۆ مەمالیکی ئاریایی نەژاد،
ئەگینا ئەو کاتە
سەلام لە رۆحمان
بۆ دیموکراسیش،
بمێنن بە خێر، سەربەست و
دڵشاد

**ژین سالح**



ئێستا چ خێرە، ئەم بەزم و ڕەزمە؟
ئاوێکی وا ڕشت بە زێی سیروانا
بەردە فڕکانێ
بۆتە دەستوورێک
لەم دەڤەر بۆ ئەو
دەور ومەکانە
بەردە فڕکێیە بۆ
عەرشەکەی شا
خوا لەوە ناخۆشتر
قەتاوقەت نەدا
***
میرم مووسەوی کێشەی تۆ ونەژاد
***
تەشەنە نەکا
بۆ مەمالیکی ئاریایی نەژاد
ئەگینا ئەو کاتە
سەلام لەڕۆحمان
بۆ دیموکراسیش،
بمێنن بە خێر، سەربەست ودڵشاد

# چەلەبی هات،
# چەلەبی ڕۆیی!

"کێ کردی و کێ خواردی؟"
ئەمە زمانحاڵی ئۆینبازەکەی
ژێر سایەی لیبرالیزمی
عیراقە.
مێژوویەک لەکۆشش و
پلان و پیلان
ئەنجامەکەی، "ئەوێلی یابە"
هەر خەم و خەفەت و مەراقە!
***

جارێ سیدارەی نوری سەعید
و جارێ عەمامەی سەدری لەسەر
جارێ یەشماغی عیراقی
و جارێ کەرڤەتەی

# چەلەبی هات، چەلەبی رۆیی!

«کێ کردی و کێ خواردی؟»
ئەمە زمانحاڵی ئۆپینبازەکەی
ژێر سایەی لیبرالیزمی
عیراقە.
مێژوویەک لە کۆشش و
پلان و پیلان
ئەنجامەکەی، «ئەوێلی بابە»
هەر خەم و خەفەت و مەراقە!

* * * *

جارێ سیدارەی نوری سەعید
و جارێ عەمامەی سەدری لەسەر
جارێ یەشماغی عیراقی
و جارێ کەرڤەتەی
شێوە کلنتۆنی لەملەو
قاتی رەنگ رەساسی
بۆشی لەبەر
عەرابی قانوونی تەحریری عیراق
کەوا سووری فەوجی ئیحتلال
عیراق گیرۆدەی زگزاکی ئەو و
بێ ئەویش دۆخەکە شڵەژاوە، رووی
لە ئیختلال!

* * * *

د. ئەحمەد چەلەبی، سیاسەت وەک
تیجارەت رایی دەکات،
لە وڵاتێکدا
سیاسییەکانی تاجیری رۆژی
تەنگانەن.
شیعە رقیان لە عەلمانی بوونی
سوننەشی لە شیعە چێتییەکەی
کوردیش دۆستەکانی ئەمانەن:
لە ئۆپۆزسیۆندا قەڵەون و
لە حکومڕانیدا یان لاواز،
یان ماری بێ ئیجازەن.

* * * *

چەلەبی رۆیی، چەلەبی وا هات.
لە دەرگا کرایە دەرەوە
لە پەنجەرەوە چوون خۆر هەڵات
لە بەغدایەک
مالکی و ئوسوڵی
کوشتیانو تەرمەکەی فرێدرایە
شاریعی قەنات.

**ژین سالح**



شێوە کلنتۆنی لەملەو
قاتی رەنگ رەساسی
بۆشی لەبەر
عەرابی قانونی تەحریری عیراق و
کەوا سووری فەوجی ئیحتلال
عیراق گیرۆدەی زگزاکی ئەو و
بێ ئەویش دۆخەکە شڵەژاوە، رووی
لە ئیختلال!
***

د. ئەحمەد چەلەپی، سیاسەت وەک
تیجارەت رایی دەکات،
لەوڵاتێکدا
سیاسییەکانی تاجیری رۆژی
تەنگانەن.
شیعە رقیان لە عەلمانی بوونی
سوننەشی لە شیعە چێتییەکەی
کوردیش دۆستەکانی ئەمانەن:
لە ئۆپۆزسیۆندا قەڵەون و
لەحکومرانیدا یان لاواز،
یان ماری بێ ئیجازەن.
***

چەلەبی رۆیی، جەلەبی وا هات.

لەدەرگا کرایە دەرەوە
لە پەنجەرەوە چوون خۆر هەڵات
لە بەغدایەک
مالکی و ئوسوڵی
کوشتیانو تەرمەکەی فڕێدرایە
شاریعی قەنات.

# نەبیە بەڕی

لەوەتەی لوبنان هەیە
سەباح گۆرانی ئێژێ
سەمیرە تۆفیق خاڵ لەروەوە و
وەدیع سافیش جگە لە
((عندک بەحریە) گۆرانیبێژێکی
کەم دووە!
خەریکە بڵێین
لەوساوە دیموکراسی تەوافوقیش
جێگیر بووە.
(نەبیە بەڕی) یش لەسەر کورسی
سەرۆکایەتی پەرلەمان
بێ پەروایە، پاڵ کەوتووە!
***
تا شەڕی ناوخۆ لەبەیروت بوو

# نەبیهـ بەڕی

لەوەتەی لوبنان هەیە
سەباح گۆرانی ئێژێ
سەمیرە تۆفیق خاڵ لەروەوە و
وەدیع سافیش جگە لە
«عندک بەحریە» گۆرانیبێژێکی
کەم دووە!
خەریکە بڵێین
لەوساوە دیموکراسی تەوافوقیش
جێگیر بووە.
(نەبیهـ بەڕی)یش لەسەر کورسی
سەرۆکایەتی پەرلەمان
بێ پەروایە، پاڵ کەوتووە!

❊ ❊ ❊ ❊

تا شەڕی ناوخۆ لە بەیروت بوو
کاکم (ئەمەل)ی بە شەڕ بوو
کە شەڕ یەکجار بڕایەوە
دەرکەوت قەت خەتای ئەو نییە،
خەتای دووژمنی بەدفەڕ بوو.



تا فەرماندەی جەنگ و هودنە
لە شەڕی حزبوڵڵا هاتەوە
دونیا بە جارێ گۆڕابوو:
مەوقیف گۆڕا،
شەڕ خراپ و لەخۆڕا بوو.

❊ ❊ ❊ ❊

رەئیس نەبیهـ بەڕی
سەرۆکی (١٢ ساڵەی) شیعە
موالات دەبیات یان موعارەزە،
ئەو جێگای خۆی مسۆگەرە
تا نەسروڵڵا لە مەیدان بێت
بەڕی هەروا تاجی سەرە.
نمایشێک لە هێمنی و
لە بنەوەشڕا
ئاگری بنکا، زۆر خەتەرە.

ژین سالح

کاکم (ئەمەل)ی بە شەڕ بوو
کە شەڕ یەکجار بڕایەوە
دەرکەوت قەت خەتای ئەو نییە،
خەتای دووژمنی بەدفەڕ بوو.
تا فەرماندەی جەنگ و هودنە
لە شەڕی حزبوڵلا هاتەوە
دونیا بە جارێ گۆڕابوو.
مەوقیف گۆڕا،
شەڕ خراپ و لەخۆڕا بوو.
***
ڕەئیس نەبیە بەڕی
سەرۆکی (١٢ساڵەی) شیعە
موالات دەیبات یان موعارەزە،
ئەو جێگای خۆی مسۆگەرە
تا نەسروڵڵا لە مەیدان بێت
بەڕی هەروا تاجی سەرە.
نمایشێک لە هێمنی و
لە بنەوشڕا
ئاگری بنکا، زۆر خەتەرە.